ئه مینداریێتی رۆشنبیری و لاوان
یاریدەی لەچاپدانی داوە

پەندی بەراوردکاری

لە نێوانی

ئینگلیزی و عارەبی و کوردی

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە

کەریم ستارەزا

١٩٨٣

ئەمیندارێتی پۆشنبیری وڵاوان
یاریدەی لەچاپدانی داوە

پەندی پەراوردکاری

لەئینگلیزی . عارەبی . کوردی

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی
کەریم شارەزا

١٩٨٣

لە چاپخانەی (سمیر ئەمیس) چاپ کراوە

ووشەیەک

خوێندەواری بەڕێز .. ئەدەبی فۆلکلۆری لە ناو گەلاندا دەریایێکی تا بڵێی قوواڵو فراوانە ، تا پتر بە ناخیدا بچینە خوارەوە مرواریو گەوهەری زۆرترو بەهادارترمان دێتە دەستو گەنجینەی ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی پێ دەوڵەمەندتر دەکەین .

ئەگەر ئێمە بێینو لەو ئەدەبە فۆلکلۆرییە تەنها قسەی نەستەقو پەندی پێشینانی لێوەرگرین ، ئەوا لە سەرچاوەی هەمە جۆری کوردیو عارەبیو ئینکلیزییەوە ، چاومان بە گەلێ پەندو قسەی پێشینانی ئەو گەلانە دەکەوێ کە هەندێکیان هیچ ئاشنایەتیو نزیکییەکیان چ لە رووی جۆری داڕشتنو چ لە رووی ناوەرۆکەوە لەگەڵ پەندو قسەی پێشینانی کوردیدا نییە ، چونکە زادەی قۆناغو باری ژیانێکی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاری جیاوازن لەگەڵ باری ژیانی گەلی کورداو ، کاڵایێکی بە قەد باڵای ژیانی نەتەوەکانی خۆیانن .

هەندێکیشیان چ لە بارەی ناوەرۆکو چ لە بارەی ووشەو داڕشتنەوە زۆر لە یەکەوە نزیکن تا وایان لێهاتووە بوون بە پەندێکی هاوبەش لە نێوانی هەرسی زمانو هەر سێنەتەوەدا ، هۆی ئەو یەک بوونو لە یەک چوونەش ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی ئەو پەندە کە قۆناغی ژیانی ئەو نەتەوانە لە سەردەمێکی ژیانیاندا لە یەک بارو دۆخدا بوون ، یاخود زۆر بەیەک چوون ، وەک بڵێی لە قۆناغی پەیدا بوونی کشتوکاڵو دەرەبەگایەتیدا ئەو جۆرە پەندو قسانە دروست بوون کە پەیوەندییکیان بە جووتو گاو شۆبڕینو وەرددانەوەو تۆوکردنو درووێنەو جۆخینو شەنو کەوکردنو مەڕومااڵت بەخێو کردنەوە بووە .

ئەوەی شیاوی باسیشە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەو قۆناغە مێژوویی و ئابووری‌یەدا تێپەڕبوون ، ئەو پەندو قسەی پێشینانەشیان لە هەموو لەو وولاتانەی کە باری ئابووری‌و پەیوەندیی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵییان بە یەك چووە یاخود لە ڕێگەی کۆچ‌و ڕەوکردنی گەلەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو بە یەك گەیشتنیان لە ڕێگەی بازرگانی وەیا داگیرکردن وەیاخود بڵاوبوونەوەی جۆرە ئایینێکەوە بە یەك گەیشتوون و ، پەندی لە یەکـــەوە نزیکیان لەناودا سەری هەڵداوەو بووە بە شەرابێك لە هەر لایەو ، لە ناو هەر نەتەوەیەکدا لە جۆرە جامێکدا خۆی نواندووەو خەڵکەکە بە تاسەیەکەوە نۆشیان کردووە .

خوێندەواری بەڕێز ... کاری من لە مەودوا ئەوە دەبێ ، دوای لێ دوانێکی کورت لە پەندی پێشینان‌و پیشاندانی خاسیـــەتەکانی ، دەکەومـــە سەر دەست نیشان کردنی ئەو جۆرە پەندو قسەی پێشینانەی کە لە هەر سێ زمانەکەی ئینکلیزی‌و عارەبی‌و کوردیدا دەقاو دەق وەکوو یەکن یان زۆر نزیك‌و ئاشنا بە یەك خۆیان دەنوێنن وەیاخود بە ڕەگێك دەچنەوە سەر یەکتری‌و دەتوانین بۆ هەمان ماناو مەبەست بەکاریان بێنین .

جا بۆ ئـــەوەی ئـــەم بەراوردکاری‌یەم تووشی هەڵەی زل‌و ناتەواویی گەورە نەبێت وام بە پســەند زانی کارەکەم پیشانی مامۆستایێکی پسپۆر لە زمانی ئینکلیزی‌دا بدەم تاکو چ لە ڕووی زمان‌و دارشتنەوەو چ لە ڕووی ڕێنووسەوە بە (proverb)ە ئینکلیزی‌یەکاندا بچێتەوەو ، بزانێ تا چ ڕادەیەك لەگەڵ « الأمثال »ە عارەبی‌یەکان‌و پەندە کـــوردی‌یەکاندا دەگونجێن . ئەو کەسەش دۆستی بەڕێزم مامۆستا (مەجید ئەحمەد ئاسنگەر) بوو ، ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی‌و هەندێ هەڵەی ڕێنووس‌و دارشتنی (Proverb)ە کان‌و گونجانیان لەگەڵ پەندە کوردی‌یەکانی بۆ دەست نیشان کردم‌و منیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردانەی ئەو ڕاستم کردنەوەو سوپاسی دەکەم .

لە هێنانەوەی ئەو پەندو قسەی پێشینانەی ئینکلیزیو عارەبی پشتم بە تەنها سەرچاوەیەك نە بەستووە بەڵکو لە گەڵ سەرچاو ی جیاواز نەوونەم وەرگرتووەو وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی کوردیو لە دواییدا بە شوێن ئەو پەندو قسەی پێشینانەی وەکوو نەوانەن ، یا خود لە بارەی ماناو ناوەرۆکو بەکارهێنانەوە زۆر لێیانەوە نزیکن گەڕاومو تۆمارم کردوون و لەپاڵ پەندی شێوەی کرمانجی خواروودا ، هەوڵم داوە نمـــوونەی پەندی پێشینانی شێوەی کرمانجی سەروش وەربگرم تاکو کارەکەم روویەرێکی فراوانتر لە کوردستان بگرێتەوەو زۆربەی کورد بەشـی خۆی تێدا بدۆزێتەوە ٠ ئیدی هیوادارم لەم هەوڵە سەرەتاییەمدا توانی بێتم ئامانجی مەبەستەکەم بپێکم ، لەگەل سوپاسمدا بۆ ئێوەی بەڕێز

کەریم شارەزا

١٩٨٢/١٠/١٤

پەندی پێشینان و خاسیەتەکانی

پەندی پێشینان بە شێوەیەکی گشتی لە راستییەکی ئاشکراو بەرچاوەوە دەدوێ کە بە شێوەیەکی کورتو ئاسانو ڕێکوپێك داڕژراوە تاکوو زۆرترین کەس لە جەماوەری خەڵك تێی بگەن[1] .

بە ڕای هەندێ لە زانایانی فۆلکلۆر پەندی پێشینان دوو خاسیەتی سەرەکی پێوە دیارە :

١ ـ شێوەی فێرکردنو پەندو ئامۆژگاری دادان .

٢ ـ کورت بڕیو خەستو خۆڵی لە داڕشتندا[2] .

ئەم دوو خاسیەتەش بوونەتە مایەی بڵاوبوونەوەی بە ناو هەموو چینو توێژەکانی گەلانی جیهانو بەکارهێنانی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا .

زاناکانی فۆلکلۆر هەر یەکە بە جۆرێك لە پەندی پێشینان دواوەو ، هەر یەکە جۆرە پێناسەیێکی بۆ داناوە ، لە وانە زانای ئەڵمانی فرێدریش زایلەر (F. seiler)٥ ، کە لە بارەی قسەی پێشینانەوە proverb دەڵێ : «قسەی پێشینان چەند دەربڕینێکی ڕێکوپێك و پتەون ، بە زۆری شێوەی فێرکردنو ئامۆژگارییان پێوە دیارەو خۆیان لە روخسارێکی هونەریی تر لە روخسارو شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی دەنوێنن» [3] .

---

(١) الكزاندر هجرتی كراب ـ علم الفولكلور ـ ترجمة رشدی صالح ـ القاهرة ١٩٦٧ ، ص٢٣٥ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٣٥ .

(٣) د. احمد ابو زيد وآخرون ـ دراسات في الفولكلور ـ القاهرة ١٩٧٢ ، ص٣٠٩ .

زانای ناوداری رووس (یوری سرکۆڤ) یش لەم بارەیەوە دەڵێ : « قسەی پێشینان لە ڕستەی کورتو سووکو ئاسان پێک هاتوون ، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا بە سەر زماندا دێنو بڕگەو ووشەکانی جۆرە ڕێکیو چەشنە مۆسیقایەکی تایبەتییان هەیە»(٤) .

ئارنەر تایلۆر « A. Taylor »ی لێکۆڵەرەوەی ئینگلیز لە کتێبەکەی قسەی پێشینان (The proverb) دا بەم جۆرە لێی دەدوێو دەڵێ : «قسەی پێشینان ڕستەیێکی ڕێکوپێکو جوان داڕشتراوە ، وەک ووتەیێکی بە توێکڵو پڕ مانا لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە»(٥) .

لە نووسەرە عارەبەکانیش (أحمد أمین) لە بارەی پەندەوە دەڵێ : «قسەی پێشینان (الأمثال) جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبو بە ووشە کورتیو مانا جوانیو ڕەوانبێژی لە ئاخاوتنی ئاسایی جوێ دەکرێتەوە»(٦) .

نووسەرانی کوردیشمان هەر یەکە بە جۆرێک لێی دواوەو ، هەڵیان سەنگاندووە ، هەیە دەڵێ : «پەندی پێشینان ، فەلسەفەی ژیانو دەنگی تاقی کردنەوەی جیهانو بەری ڕەوانبێژیی ڕەوانبێژانە ، کە باوو باپیران لە هەزاران ساڵەوە ، بە کەڵەپوورێکی وێژەیی بۆپان بەجێ هێشتووین ، تا بیان کەین بە ناوێنەی بااڵنما بۆ خۆمان»(٧) .

هەشە دەڵێ : « پەندی پێشینان ڕستەو ووتەیەکی کورتە ، مانایەکی فراوانو قوواڵ تیایەو ، بەری تاقی کردنەوەو دنیا دیدەیی گەلی کوردە لە هەموو مەیدانێکی ژیاندا»(٨) .

---

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٣٠٩ .
(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٣٠٩ .
(٦) قاموس العادات والتقالید والتعابیر المصریة ـ القاهرة ١٩٥٢ ، ص٦١ .
(٧) شێخ محەمەدی خال ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ بەغدا ١٩٧١ ، ل : ١٤
(٨) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەغدا ، چ١ ، ١٩٧٠ ، ل٩٥ .

لە پوختەی بیرو ڕای ئەو زانایانەی فۆلکلۆرو لە ئەنجامی ئەو پێناسە کردنانەی پەندی پێشینان دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامەی خوارەوەو بڵێین : « پەندی پێشینان بەشێکی گرنگو بەنرخە لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئەتەوەو کەرتێکی جودا نەکراوەی ژوورخانی ماددی میللەتەو لە ئەنجامی بەسەرهاتی کاریگەرو تاقیکردنەوەی پیرو پێشینانەوە گوتراوەو کەوتووتە سەر زمانی گەورەو بچووکو ، تا رادەیەك بووە بە بەندی دەستووری ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاری گەل»(٩) .

ئەگەر بمانەوێ پتر لە قسەی نەستەقو پەندی پێشینانو خاسیەتە - کانیانەوە بدوێن ، ئەوا دەتوانین بیرو ڕای هەندێ لە نووسەرە هاوچەرخەکان بێنینەوە ، کە دەڵێن : «کەلەپووری نەتەوایەتی لە سەرەتای خولقانیەوە تاکوو ئەمڕۆ هەر بە پێی بەرژەوەندی چینی کاربەدەستو چینی رەنجدەری ژێردەست دروست بووە . (قسەی نەستەقو پەندی پێشینان) یش کە بەشێکن لەو کەلەپوورە ، گەر بە ووردی لێیان بکۆڵینەوە ، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر قسەو پەندە بۆ سوودی چینو توێژێکی کۆمەڵی ئەو نەتەوەیە داڕێژراوەو بۆ بەرژەوەندی ئەوان بەکار دێ»(١٠) .

زانای فۆلکۆرناس بۆگز Boggs لە کتێبێکیدا بەناوی (Folklore Americas) کە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بڵاوی کردۆتەوە لە بارەی خاسیەتەکانی پەندی پێشینانو قسەی نەستەقەوە دەڵێ :- پێویستە دوو مەرجی سەرەکی لەو جۆرە ئەدەبە فۆلکلۆرییەدا هەبن .

١ - پێویستە قسەو پەندی زیندووبنو بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان بەکار بێن .

---

(٩) کەریم شارەزا - پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا - بەغدا ١٩٧٦ ، ل٨ .

(١٠) (غالی شوکری - التراث والثورة - بیروت ١٩٧٣ ، ل٥٨) .

٢ ـ پێویستە وەك میراتێکی نەتەوەیی بێ . لە پشتێکی کۆنەوە بۆ پشتێکی نوێ بە جێمابێ[١١] .

قسەی نەستەق و پەندی پێشینان لە سەردەمێکی زووەوە لەپێش دانانی یاساو دەستوور لە ناوکۆمەڵگای میللەتدا وەك بەندی یاسا کاریان پێ کراوەو لە دواییدا بوون بە بەندی دەستوورو یاسای میللەتان و هەیکەلی دەستووری حوکمڕانی خۆیان لە سەر هەڵبەستووەو پەیڕەویان کردووە . لە وانە یاسای رۆمانی لەسەر هەیکەلی پەندو قسەی نەستەق دامەزراوەو لایەنێکی گەورەش لە یاسای گشتی ئینگلیزی تا ئەمڕۆکەش لەسەر گەنجینەی ئەو قسەی نەستەق و پەندی پێشینانەی کە دەماو دەم لە پشتێکی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە دامەزراوە[١٢] .

قسەی نەستەق و پەندی پێشینان :ـ

لە ڕاستیدا تاکو ئەمڕۆ چ نووسەرێك لێکۆڵینەوەیێکی تێرو تەسەلی لەسەر جیاوازیی نێوانی قسەی نەستەق (حیکمەت) و پەندی پێشینان «مثل» نە نووسیوە ، چونکە لە هەندێ لایەنەوە وەکو یەك وان ، ئەم دیاردەیەش هەر لەزمانی کوردیدا بەدی ناکرێ بەڵکوو لە زمانی عارەبی و زمانە بێگانەکانیش ئەم تێکەڵاو کردنە هەست پێ دەکرێ و هەردوو بابەتەکە بەیەکەوە وەردە ـ گیرێن و ناوان و کەلەبەریان ناخرێتە نێوان ، بەڵام لە هەندێ سەرچاوەی عارەبی دا تا ڕادەیەك چارەسەری جیاوازیی نێوانی ئەم دوو بابەتە کراوەو بەم جۆرەی خوارەوە :ـ

١ ـ قسەی نەستەق : دانەرو خاوەنی دیارە ، یا فەرموودەی خودایە یا فەرمایشتی پێغەمبەرانە یا قسەیێکی بە توێکڵ و پڕمانای زانایان و پیاو

(١١) أحمد رشدی صالح ـ الادب الشعبی ـ القاهرة ١٩٧١ ، ص١٦ .
(١٢) الكزاندر هكرتی كراب ـ علم الفولكلور ـ ترجمة : رشدی صالح ـ القاهرة ١٩٦٧ ، ص ٢٤٩ .

چاکانه ، پوختەی تاقیکردنەوەی ژیانو زانینی نهێنییەکانیەتی . کەچی پەندی پێشینان خاوەنی دیار نییەو هەرچەندە دیسان کەسێکی دنیادیتە لە ئەنجامی رووداوێك یا لێك چوواندنێك یا حیکایەتێك یا ئامۆژگاری کردنێك یان بە شیعرێکی پر ئامۆژگاری دای دەرێژێ بەڵام لە دواییدا دەکەوێتە سەر زمانی هەموو میللەتو لە پشتێکی کۆنەوە بۆ پشتێکی نوێ وەك کەلەپوورێکی نەتەوەیی دەگوێزرێتەوە(١٣) .

٢ ـ قسەی نەستەق :ـ لە ماناو ناوەرۆکدا لەوەندە بەرز دەبێتەوە تا خۆی لە ئاسۆی فەلسەفە نزیك دەکاتەوە کەچی فەلسەفەش نییە .

بەڵام پەندی پێشینان چۆن بەسەر زمانی پێشینان یاخود ئەو کەسە دنیادیتەیەدا هاتبێ ئاوا بە ناو خەڵکەکەدا بڵاو دەبێتەوەو ، باری ژیانێکی سادەتری دوور لە گرێو کاری فەلسەفە دەردەبڕێ(١٤) .

٣ ـ قسەی نەستەق : یەك مانای پتەو دەدات بە دەستەوە کەچی پەندی پێشینان دوو مانا هەڵدەگرێ ، مانای نزیکو مانای دوور ، یاخود مانای ئاشکراو مانای شاردراوە دەدات(١٥) .

٤ ـ قسەی نەستەق بە دیارخستنی واقیعی حاڵی ئادەمیزادە یان ئاشکرا کردنی نهێنییەکی ژیانە یاخود روون کردنەوەی بیرو ڕایەکی مرۆڤە ، لەمانەش هیچ کامێکیان پێویستیان بە ڕازاندنەوەو بەکارهێنانی شیوەکانی زانستی ڕەوانبێژی نییە ، کەچی پەندی پێشینان خۆی لەسەر چـــوار ڕەگەزی ڕەوانبێژی رادەگرێ :ـ

١ ـ کورت بڕی .

---

(١٣) د. ممدوح حقی ـ المثل المقارن بين العربية والانكليـــزية ، بيروت ١٩٧٣ ، ص١٥

(١٤) هەمان سەرچاوە : ل١٧ .

(١٥) هەمان سەرچاوە : ل٢١ .

٢ ـ مانا پێکاندن ٠

٣ ـ جوانی لێك چواندن ٠

٤ ـ درکه (کینایه) پێکهوەنان به جۆرێکی باش‌و سەرکەوتوانه[١٦] ٠

له ئەنجامی ئەم بەراوردی کردنەی قسەی نەستەق‌و پەندی پێشینانداا ، چەند راستی‌و شتێکی نوێمان بۆ دەرکەوت لەوانه بوونی رەگێکی فریزیۆلۆژی (phraseology) واتا : (درکه = کینایه) له ناو هەیکەلی پەندی پێشینان ، ئەم خاسیەتەش وای لێ دەکات دوو مانا بدات‌و پەندەکه بخاته بەر تیشکی دوو زانستی جیاواز ، یەکەم زانستی فۆلکلۆر که پەندی پێشینان بەشێکی بە نرخه لەو زانستەدا ٠

دووەمیشیان : زانستی رەوانبێژی که له ئەنجامی هەست کردن به بوونی دوو مانای نزیك‌و دووری بەندەکەوە سەرهەڵدەدا ٠

مەبەستمان لەو بەراوردی کردنەی نێوانی قسەی نەستەق‌و پەندی پێشیناندا ئەوە نیە لەمەو دوا دیوارێکی ئەستوور بخەینه نێوانی هەردوو ـ گیانەوەو ، هەریەکەیان له خانەیێکی جیاوازو ، سەربەخۆی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیمان دابنێن ، چونکه ئەو جیاکردنەوەیەی نێوانی (حکم وامثال) له زمانی میللەتانی دیکەشدا به تەواوی نەکراوەو هەردووکیان هەر بەیەکەوە وەردەگرین‌و لێیان دەکۆڵێتەوە ٠ چونکه وەك لەمەو بەر دەرمان بڕی زۆر جار قسەی نەستەق خاوەنەکەی ون دەبێ‌و کەمێك گۆڕانکاری بەسەردادێ‌و دەبێ به پەندی پێشینان ٠ جا بۆیە لەمەو دوا هەر دووکیان به یەکەوە وەردەگرین‌و دەیان خەینه بەر تیشکی روون کردنەوەو لێکۆڵینەوە ٠

پەندی پێشینان له روانگەی دوو زانستەوە :ـ

وەك لەمەوبەر دەرمان بڕی یەکێك له خاسیەتەکانی پەندی پێشینان بوونی رەگی ئیدیۆم (Idiom) یاخود بڵێین فریزیۆلۆژی فرەواتای

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ١٨ ، ١٩ ٠

تێدایە ، ئەم خاسیەتە وا لە هەندێ نووسەران دەکات بڵێن هەر قسەیەکی پێشینان خۆی لە ئیدیۆم بدات جارێکی تر نابێ بخـــرێتەوە ناو پەندی پێشینان ، چونکە ئیدیۆم (کینایة) لە خانەی (زانستی رەوانبێژی) یەو پەندی پێشینانیش لە خانەی (زانستی فۆلکلۆر) ە ٠

هەرچەندە هەندێ لە نووسەرە پسپۆرەکانی زمانی کوردیمانو یـەك لەوانە دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارفە دەڵێت :ـ

«هەندێ لە زانایانی زمان ، (پەندی پێشینانو قسەی نەستەق)یش هەر بە فریزیۆلۆژی phraseology دەدەنە قەڵەم»(١٧) ٠ لە دوایدا دەڵێ : «بۆگومان پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین ، کە دەتوانرێ هەندێ لە پەندی پێشینانو قسەی نەستـــەق لە ریزی فریزیۆلۆژیدا دابنرێن ، ئەویش بە تایبەتی ئەوانەی لە سنووری پێکهاتنی فریز دەرنەچوون»(١٨) ٠

بەڵام دوای دەربڕینی هەندێ لە ڕایەکانی دوکتۆر ئاوڕەحمانو پشت بەستن بە ڕاو بۆچوونەکانی دوکتۆر ممدوح حەقی لە کتێبەکەی (المثل المقارن)دا کە لەمەو بەر دەرمان بڕین(١٩) ، دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری پەندی پێشینان رەگێکی فریزیۆلۆژی تێدایە یاخود هەموو پەندەکە دەبێتە فریزیۆلۆژی فرەواتا (کنایة) ، بەڵام مەرج نییە هەموو فریزێك پەندی پێشینان بێ ٠ بۆ نموونە : پەندی پێشینانی (دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە)(٢٠) ، دوو مانا هەڵدەگرێ ، یەکەمیان پەیوەندییان بە مانای راستەو خۆی ووشەکانیەوە هەیە ، واتا : (دەستی ماندوو دەخرێتە سەر زگێکی تێر) ، مانای دووەمیشی کە مەبەستەکەیەتی ئەوەیە (هەر کەسێکی ڕەنج بداو کار بکات ، بەری ئەو ڕەنجو

---

(١٧) د٠ ئەورەحمان حاجی مارف ـ وشـــەی زمانیکوردی بەغـــدا ١٩٧٥ ، ل٦٦ ٠

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٦٧ ٠

(١٩) بنواڕە لاپەڕەی ١٢ی ئەم کتێبە ٠

کارەی دەکەوێتە دەستو مافی رەنجەکەی وەردەگرێ . یا خود ئەگەر بڵێین :- (ئەگەر گوڵ نیت درکیش مەبە)[٢١] ، ئەمەش دوو مانا دەدات بە دەستەوە . یەکەمیان : مانای ووشەکانیەتیو مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئەگەر وەکو گوڵ نەرمو بۆن خۆش نەبی ، وەکو درکیش ئازار بەخش مەبە ، مانای دووەمیشی ئەوەیە بڵێ : (ئەگەر چاکەو قازانجت نییە ، باخراپەو زیانیشت نەبێ) . کە ئەمە ماناو مەبەستی پەندەکەیە .

بەڵام هەموو فریزیۆلۆژیەک (ئیدیۆمێک) پەندی پێشینان نیە وەک ئەمانە : (ئاگر بارانە) واتا : شەڕو تەقەو فەرتەنەیە[٢٢] . یاخود (خانە بێزارە) واتا : ناکەوێتە ماڵەوەو هەمیشە لەم لاو لەو لا بێت[٢٣] . یاخود (دەڵێی مێشی مردووە) واتا : بوودەڵەو بەستە زمانو سستە[٢٤] .

من لێرەدا پایەکی دیکە لەلای خۆمەوە دێنمەکۆڕو دەڵێم :-

«ئەگەر لە روانگەی زانستی فۆلکلۆرەوە سەیری پەندی پێشینان بکەین دەبینین دەکەوێتە خانەی زانستی ئەدەبی فۆلکلۆریەوەو ئەگەر لە روانگەی زانستی رەوانبێژیشەوە سەیری بکەین ئەوا سەبارەت بە بەخشینی پتر لە مانایەک ، دەکەوێتە خانەی رووبێژی «البیان» کە بەشێکی سەرەکیە لە زانستی رەوانبێژیدا ، وەک ئەمانەی کە خراونەتە ناو کتێبەکەی (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا)ی مامۆستا (جەلال مەحمود عەلی)کە دەڵێ (سەگی کونە

---

(٢٠) شیخ محەمەدی خال - پەندی پێشیتان - چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل٢٣٧ .

(٢١) هەمان سەرچاوە ، ل : ٣٥ .

(٢٢) جەلال مەحمود عەلی - ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا - بەغدا ١٩٨٢ ، ل ٣٨ .

(٢٣) هەمان سەرچاوە ، ل : ١٧٢ .

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٤٩ .

ماسی‌یەو پاسی جرتاوا دەکات)[٢٥] یاخود (دەستی بە کڵاوەکەی خـۆیەوە گرتووە با نەیبات)[٢٦] . یا خود (سیروان لێشت نەدەم هەر دەم بەیت)[٢٧] . وەیا لە کتێبەکەی (ئیدیەمیت کوردی)ی مامۆستای خـوا لێخۆش‌بوو (صادق بەهائەدین ئامێدی)دا هاتووە ، دەڵێ : ئاڤا خورتا سەر ئەفراز دچت)[٢٨]و ئەمەش لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا بەم جـۆرە هاتووە دەڵێ : « ئاوی زۆردار سەر بەرەو ژوور ئەڕوا» [٢٩] .

ئەم نووسەرانە هەقی خۆیانە کە وایان کردووەو ، پەندی پێشنانیان خستۆتە پاڵ ئیدیۆم (کینایة) ، چونکە نابێ ئەو حیسابەیان لەگەڵدا بکەین‌و بڵێین مادامکی پەندی پێشینانن نابێ بچن بەلای ئیدیۆم (کنایة)ەوە یاخود ئەگەر بە ئیدیۆممان دانان نابێ جارێکی‌تر بخرێنەوە پاڵ پەندی پێشینان ، چونکە بە پێی ئەو تێڕوانینەی لەمەو بەر رووتمان کردەوە هیچ گرفتێکمان لە پێشدا نی‌یە ئەگەر (پەندی پێشینان) کە ئەدەبێکی فۆلکلۆری‌یە لە هەمان کاتکدا لە بواری رووتبێژی بە ئیدیۆم (کنایة) شی دابنێین‌و بیخەینە خانەی زانستی رەوانبێژی‌یەوە .

لەو کاتەی کە مامۆستا جەلال مەحموود دەڵێ : «ئیدیۆم ئاوێنەی رووی کۆمەڵە ، بە باری چاک‌و خراپیەوە ، لە رووی کشتوکاڵ‌و پیشەسـازی‌و رامیاری‌و زانست‌و بیرو باوەڕو ئایین و ئەفسانەو میژوو گەلێک رووی

---

(٢٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٣١٨ .

(٢٦) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٠٧ .

(٢٧) هەمان سەرچاوە ، ل : ٣٢٥

(٢٨) صادق بەهـائەدین ئامێدی ـ ئیـدیەمیت کوردی ـ بەغـدا ١٩٧٣ ، ل : ٥ .

(٢٩) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ـ بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٢٤ .

تره‌وه » [٣٠] . من ده‌توانم ئه‌م پێناسه‌و خاسیه‌ت ده‌ربڕینه‌ی ئیدیۆم بکه‌م به پێناسه‌و خاسیه‌ته‌کانی پەندی پێشینان دوای ئه‌و کاته‌ی که رووانگه‌ی زانسته‌که له ره‌وانبێژی‌یه‌وه ده‌گۆڕم بۆ فۆلکلۆر . به‌ڵام که نووسه‌ر له سه‌ر خاسیه‌ته‌کانی ئیدیۆم ده‌ڕوات‌و ده‌ڵێ : « له‌گه‌ڵ پەندی پێشینان‌و خوازه‌و ولێکچووانه‌نه فۆلکلۆری‌یه‌کاندا خشڵی رازانده‌وه‌ی زمانی کوردین ، ئاوێنه‌ی پله‌ی به‌رزیی‌و جوانی‌و به توانایی‌و زیندوویی‌و پێشکه‌وتنی زمانه‌که‌ن» [٣١] .

لێره‌دا ده‌وه‌ستم‌و ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ره‌تای رایه‌که‌ی نووسه‌رو ناوهێنانی «پەندی پێشینان»و جیاکردنه‌وه‌ی له ئیدیۆمی (کینایة)و که له دوای ئه‌ویشدا ده‌ڵێ : « له گه‌ڵ خوازه‌و لێکچووانه‌نه فۆلکلوریه‌کاندا خشڵی رازانده‌وه‌ی زمانی کوردین» . راسته ئیدیۆمی کینایه‌و خوازه‌و لێکچواندن هه‌مووبان بابه‌تی زانستی ره‌وانبێژین به‌ڵام پەندی پێشینان وه‌ك گوتمان به‌شێکه له زانستی فۆلکلۆرو مه‌یدانی لێکۆڵینه‌وه‌ی جودایه ، که‌چی که له رووانگه‌ی رووونبێژی‌یه‌وه سه‌یری بکه‌ین هه‌ر ده‌چێته‌وه بن باڵی ئیدیۆمی کینایه‌و خۆیشی له‌کتێبه‌که‌یدا ئه‌گه‌ر نه‌ڵێم به سه‌دان ، ده‌توانم بڵێم به ده‌یان (پەندی پێشینان)ی خستۆته ناو دوو تووی کتێبه‌که‌ی‌و بۆ نموونه چه‌ند پەندێکیان لێ ده‌ست نیشان ده‌که‌ین وه‌ك ئه‌مانه‌ی خواره‌وه :-

١ ـ ئاسنی سارد ده‌کوتێت ل : ٣٤ .

٢ ـ ئاش له خه‌یاڵێك‌و ئاشه‌وان له خه‌یاڵێك ل : ٣٦ .

٣ ـ ئه‌سپی ده‌کۆژن له ده‌وری له باتی کولێره چه‌وری ل ٤٧ .

٤ ـ ئه‌و کانی‌یه‌ی ئاوی لێ ده‌خۆیته‌وه به‌ردی تێ مه‌هاوێ ل ٥٢ .

---

(٣٠) جه‌لال مه‌حموود عه‌لی ـ ئیدیۆم له زمانی کوردیدا ـ به‌غدا ١٩٨٢ ، ل ١٨ . هه‌روه‌ها بنواڕه (د. نسرین فه‌خری ، گۆڤاری کۆلیجی ئه‌ده‌بیات ز : ١٩ ، ساڵی ١٩٧٦ ، ل٩٧ .

(٣١) جه‌لال مه‌حموود عه‌لی ـ ئیدیۆم له زمانی کوردیدا ـ به‌غدا ١٩٨٢ ، ل١٨

٥ ـ بۆرە نەبیت بازە بێت گلکی بە ئەندازە بێت ل ٩٦ ٠

٦ ـ بۆیە پێت دەڵێم کاکە چۆلەکەم بۆ بگریت ل ٩٨ ٠

٧ ـ ئینسان گا نییە هەر لە پێستێکدا بمێنێتەوە ل ٥٦ ٠

بە ڕای من ئەگەر ناوی (پەندی پێشینان) لە پێناسەکەیدا نە هاتبایە ڕاو بۆ چوونەکەی نووسەر ڕاستتر دەبوو ٠

بەڵام لەو کاتەی کە (د٠ نەسرین فەخری) لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی (هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە)(*) کۆمەڵێك ئیدیۆمی کورتو درێژی لە بارەی زمانەوە شی‌کردۆتەوەو گەڵێ پەندی پێشینانی وەك : (ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵێ گیانم دەڵێ) ٠٠٠ ل ٧٥و (ئاو لە سەرچاوەوە لێلە) ل ٧٨و (بە دەستی خەڵك مار ئەگرێ) ٠٠٠ ل ٧٩و (بچێتە سەر سیروان وشکی ئەکا) ٠٠٠ل ٧٩و (ڕوو بە ڕوو دەم چەور پاش ملە دەم تەور) ل ٨٦ (لەگەڵ دزا دزەو لەگەڵ کاروان سەرقافڵەچی)٠٠ل ٩٧ و (نەدیو بدی کوڕێکیان بوو ناویان لێنا سەلکە کودی) ٠٠٠ ل ٩٥ ی لەپاڵ ئیدیۆمی کورت بڕی لە ئەنجامی لێکچواندن دروست بووی وەك (ئەڵێی چاوی قڕژاڵە) و ٠٠٠ ل ٧٢و (ئەڵێ کەڵە شەکرە) ٠٠٠ل ٧٤و (ئەڵێی هەوری بەهارە) ٠٠٠ ل ٧٥ یا خود ئیدیۆمی سیفەتیی وەکو (پوولەکی) ٠٠ ل ٨٠و ، (پڕو پورچە) ٠٠ ل ٨١و (تەلەکە بازە ٠٠ ل ٨٢) بە کاردێنی هیچ ڕەخنەیێکی لێ ناگیرێ چونکە باسەکەی هەمووی لەسەر ئیدیۆمە ، لەڕووی زمانەوەو ، ئەوانەی بەرچاویشت کەوتن چ کورتو چ‌درێژ هەموویان خۆیان لەناو چیۆەی ئیدیۆمەوە دەدوزنەوەو باسەکەش باسی لایەنی زمانەو بە هیچ جۆرێك خۆی لە لایەنی قسەی نەستەقو پەندی پێشینانەوە نادات وەك

(*) د٠ نەسرین محمەمەد فەخری ـ گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە (١٩) ساڵی ١٩٧٦ ٠

بابەتێکی جیاواز لە ئیدیۆم ، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی راستو دروستەو ، من لە روانگەی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە دەستم داوەتە بابەتەکەو نەویش لە روانگەی زمانەوە بابەتەکەی خۆی پێشکەش کردووە ٠

پەندی بەراوردکاری

ئێمە ئەگەر لەو پێناسەو خاسیەتانەی پەندی پێشینان کە لە مەو بەرا خشتمانەڕوو ، وورد ببینەوەو ، سەرنجێکی تیژیش لەم ڕایە نوێیە بدەین کە بەرامبەر بە (پەندی پێشینان) واتا (المثل) دەربڕاوەو دەڵێ : «پەندی پێشینان دەنگی میللەتەو پوختەی مێژووو ئیش‌و ئاوازو فەلسەفەی ژیانیەتی ، وەك قسەیێکی بە تونێکڵو پڕمانا دەماو دەم لە پشتێکی نەتەوەیەکەوە بۆ پشتێکی دیکەی بەجێ دەمێنێ» (٣٢) .

بە پێی ئەو پێناسەو خاسیەت‌و مەرجانەی سەرەوە ، پەندی پێشینان بەری تاقی‌کردنەوەی ژیانی نەتەوەیە ، کەواتە بەو پێیە ڕایەکی راست‌و دروست دەردەچێ ئەگەر بڵێین ئەو گەل‌و نەتەوانەی تاقی کردنەوەی ژیان‌و بارو قۆناغی ئابووریبان لە یەکەوە نزیك بێت پەندی پێشینانی لە یەکەوە نزیکیان لەناودا دروست دەبێ‌و ، لە ڕێگەی تێکەڵاو بوون‌و هاتوچۆو کردن ، وەیاخود داگیرکردنەوە ، ئەو بەندو قسە بە تونێکڵو پڕ ئامۆژگارییانەیان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر پەڕیوەتەوە ، بە تایبەتی ئەو پەندانەی کە مانایێکی گشتی‌و فراوانیان بووەو هیچ نیشانەیێکی تایبەت بە شوێن‌و دەوروپشتی تەسکەوەیان بە سەرەوە نەبووەو شیاون ببن بە بەندی دەستووری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە .

نەتەوەی کورد بە پێی تاقی کردنەوەکانی ژیانی ، بە هەزاران پەندی پێشینانی لە ناودا خوڵقاوەو دروست بوونی (پەند) یش وەکوو دروست بوونی

---

(٣٢) د. ممدوح حقي ـ المثل المقارن بين العربية والانكليزية ـ بيروت ١٩٧٣ ، ل١٨ .

هەموو لقەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری ، بەرهەمی ئادەمیزادێکی زیرەک و بەهرەدارەو هەستو نەستو ئێش و ئازاری تۆژێك لە تۆژەکانی گەل دەردەبڕێ ، واتا : تاکە کەسێك پەندەکە دادەڕێژێ و لەدواییدا بە ناو خەڵکە - کەدا بڵاودەبێتەوەو ناوی خاوەنەکەی ون دەبێ و دەکەوێتە سەر زمانی کۆمەڵێکی زۆری میللەتەوە .

کورد پەندی پێشینانی وای هەیە ، ئەوەندە خۆماڵیەتی و پەیوەندیی بە خەڵکەکەی خۆیەوەی بە سەرەوەیە ، بۆ خۆی نەبێ بۆ هیچ نەتەوەو کۆمەڵێکی تر دەستی نەداوەو ، دەست نادات و هەر لە چوار چێوەی سنووری هەرێمی خۆیدا ماوەتەوە ، وەك ئەم پەندە کوردییانەی خوارەوە :-

(سیروان لێشت نەدەم هەر ئەم بەیت)[٣٣] و (پشتم سەفین بێ تف لە ئاسنیش ئەکەم)[٣٤] و (کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکا)[٣٥] و (ئەگەر کوڕەك بەرزە ، هەندرێن رەمزە)[٣٦] و (ئەگەر هەندرێن بە غەمە ، سەری زۆزك بە تەمە)[٣٧] ... هتد .

پەندی وایش هەیە ئەوەندە مەبەستی گشتی و فراوانە ، بۆ هەموو نەتەوەیەك یا بۆ ئەو نەتەوانەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیان لە یەکەوە نزیکە یا خود نزیك بووە دەست دەدات وەك ئەمانەی خوارەوە :-

---

(٣٣) خاڵ - پەندی پێشینان - چ٢ - بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٢٨٩ .

(٣٤) هەمان سەرچاوە ، ل : ١٣٢ .

(٣٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٣٣٠ .

(٣٦) عومەر شێخەڵا دەشتەکی - پەندی کوردی چ(١) هەولێر ١٩٧٢ ، ل : ١٥ .

(٣٧) هەمان سەرچاوە ، ل١٦ ، (کوڕەکو هەندرێنو زۆزك) سێ چیان لەڕەواندز .

(پێ بـه قەد بەڕەی خۆت راکێشـه)[٣٨] و (دەنگی دەهـۆڵ له دوور خۆشه) [٣٩] و (چـەپڵه به دەستێك لێ نادرێ)[٤٠] و (هـەر تشـتەك باشه دیماهیا وی باش بت)[٤١] و (ڕێویەکی گەڕۆك له شێرەکی نووستی چێترە)[٤٢] .

پەندی پێشینان ، وەك هەموو لقەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری به زۆری لەناو ڕۆشنبیریی میللیی کۆمەڵدا گەشەی کردووە ، لەو کاتەی کـه خوێندنەوەو نووسین کەم بووەو خەڵکەکه شارەزایی و دنیادیتەیی یەکتـرو زانیاریی به کەڵکیان له یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو له کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمە ـ ڵێکی تر له ڕێگەی ئەو قسـه کورتو به توێکڵانەوە ئاڵوگۆڕ کردووە[٤٣] .

زۆر جاری وەهاش بووە ، باری وەیەکچووی ژیان له ناو چەند کۆمەڵو نەتەوەیەکدا ، ڕۆشنبیریو پەندو ئاموژگاری لە یەکـەوە نزیکی له ناودا خوڵقاندوون ، بەبێ ئەوەی ڕاستەو خۆ له یەکتریان وەرگرتبێ .

ئێمە ئەگەر سـەرنج بدەینە پەندی پێشینانی کـوردو نەتەوە دراوسێکانی ، دەبینین به سەدان پەندی هاوبەش یا له یەکەوە نزیکیان له ناودا هەیە ، هۆی ئـەم دیاردەیەش دەگـەڕێتەوە بۆ تێکەڵاو بوونی کورد به درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەو دراوسێیانەیدا ، بەتایبەتی له دوای بڵاوبوونەوەی

---

(٣٨) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ـ بەغدا ١٩٧١ ، ل: ١٤١ .

(٣٩) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٤١ .

(٤٠) هەمان سەرچاوە ، ل : ١٧٧ .

(٤١) ئەدەبی بێگانان ، ب٢ ، بەغدا ١٩٨٢ ، پەندی ئینگلیزی ، ل : ٨٨ .

(٤٢) عومەر شێخەڵلا دەشتەکی ـ پەندی کوردی چ(١) هەولێر ١٩٧٢ ، ل : ٥١ .

(٤٣) أحمد مرسی ـ دراسات في الفولكلور ـ أمثال الشعوب ـ القاهـرة ١٩٧٢ ص٣٠٧ .

ئایینی ئیسلامو هاتنی بۆ کوردستان ، ئەمە لە لایەکو ، نزیکیو بە یەکچونی باری ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانە لە لایێکی ترەوە ، بۆ نموونە : ئەگەر چاوێك بە پەندی پێشینانی کوردو (الامثال)ی عارەبیدا بخشێنین ، گەلێ قسەی پێشینانی هاوبەش یاخود لە یەکەوە نزیك بەدی دەکەین ، کە لەلای هەردوو نەتەوەی دراوسێ بەکار هاتوون و ، ناشتوانین بە تەواوی بڵێین کامیان لە کامیانی وەرگرتووە . بەڵام دەبێ ئەو راستیەش لە بیر نەکەین کەوا نزیکەی هەزارو چوار سەد ساڵە لە رێگەی ئایینی ئیسلامو قورئانی پیرۆزەوە ، رۆشنبیری عارەبی - ئیسلامی خۆی گەیاندۆتە هەموو شارو مێرە دێیەکی کوردستانو وواڵاتە دراوسێکانی ، ئەمەش هۆیەکە لە هۆیەکانی پەرینەوەو بەیەکچونی هەندێ پەندی پێشینان لەناو نەتەوەکانی عارەبو دراوسێ ئیسلامەکانیدا بۆ نەتەوەی کوردو بە پێچەوانەوەش ، ئەمەشیان خاڵێکی گرنگە پێویستە لە بابەتی پەندی بەراوردکاریدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە .

ئەگەر بە وردی چاوێك بە چاپی دوەمی پەندی پێشینانی خاڵو (فرائد الادب)ی چاپی ساڵی ١٩٦٦ی (المنجد في اللغة والادب والعلوم)ی (لویس معلوف) دا بخشێنین ، چاومان بە گەلێ پەندی کوردیو (الامثال)ی عارەبی دەکەوێ کە لە مانادا پڕ پێستی یەکترن یاخود زۆر لەیەکەوە نزیکن وەك ئەم نموونانەی خوارەوە :-

١ - کوردی : (حازر بە قەرد مەدە) ، خاڵ ، ل : ١٨٠ عارەبی : (لاتَبِـع نقداً بِدَين) ، فرائد ، ص٩٣٧ .

٢ - کوردی : (خوا غەزەب لە میرووڵە بگرێ باڵی ئەداتێ) خاڵ ١٩١ عارەبی : (إذا أراد اللهُ هلاك نملةٍ أنبتت لها جناحين) ص٩٥٢ .

٣ - کوردی : (ووتیان : رێوی کێ شایەتتە ؟ ووتی : کلکم !) خاڵ ٤٦١ عارەبی : (شاهدُ الثعلب ذَنَبُهُ) . فرائد ، ص٩٥٦ .

٤ ـ كوردى : (شێر بمشكێنێ نەك رێوى بمخوا) خالّ ، ل : ٢٠٢
عارەبى : (يأكلُني سبعٌ ولا يأكلُني كلبٌ) فرائد ، ص٩٣٣ ٠

٥ ـ كوردى : (گورگەو لە پێستى مەڕدايە) ٠ خالّ ، ل : ٣٦٨
عارەبى : (ذئبٌ استنعجَ) ٠ فرائد ، ص٩٤٣ ٠

لە دواى ئەو بەراوردىيە خێرايەى كـــە كـردمان لە نێوانى پەندى كوردىو (امثال)ى عارەبيدا ٠ بـا ئاوڕێكيش لە قســـەو پەندى پێشينانى دراوسێكانى ديكەمان ، وەك ئێرانو تورکيا ، بدينەوە تا بزانين ئەونزيكىو لەيەكچوونە لەناو فارسو تورکيشدا بەدى دەكرێن ؟

هەروەك لەسەوبەر گوتمان ، ئايينى ئيسلام بووە بە هۆيەكى گرنگ بۆ بلاّوبوونـــەوەى جـۆرە رۆشنبيرييەكى عارەبى ئيسلامى بە ناو هەموو ئـــەو وولاّتانەى كەوتنە ژێر ڕكێفى فەرمانڕەوايى ئيســـــلامو تێكەلاّوبوونى بە رۆشنبيرى نەتەوەيان ٠ لە هەمان كاتيشدا دەرگا بۆ ئەو نەتەوانە كرايەوە تا بە يەكتر بگەنو سوود لە كەلەپوورو رۆشنبيرى يەكترى وەربگرن ٠ بۆيە دەبينين ئەدەبى فولكلۆرى نەتەوەيەك هەر لەناو چوارچێـــوەى زێدو خاكى خۆيدا نەماوەتەوە ، بەڵكوو سنوورى پەڕيوەتەوە بۆ نەتەوە دراوسێكانى ، بە تايبەتى ئەو پەندو ئەدەبە فۆلكلۆرييانەى كە ماناو مەبەستێكى گشتىو فراوانيان هـــەيە ٠

ئەگەر چاوێك بە ئەدەبى فۆلكلۆرى ميللەتانى ئێرانو تورگيادا بخشێنين ، بەيەكچوونێكى زۆرمان چاو پێ دەكەوێ ، وەك ئەم نموونانەى خوارەوە ٠ لە پەندى پێشينانى كورديدا ئەم پەندە هاتووە كە دەڵێ : (دەنگى دەهۆڵ لـــە دوور خۆشە)(٤٤) و لە كرمانجى سەرووشدا دەهۆڵەكە دەبێت بە (دەف)و بەم جۆرە دەگوترێت : (دەنگى دەفێ ژ دوير ڤەخوەش تێ)(٤٥) ٠ دەبينين لە

(٤٤) خالّ ـ پەندى پێشينان ـ چ٢ ، بەغد ١٩٧١ ، ل : ٢٤١ ٠
(٤٥) دێرشەوى ـ مشتاخا چيا ژ گوتنێن پێشيا ، بەغدا ١٩٨٠ ، ل: ١٢٢ ٠

فارسیو تورکیشدا ئەو پەندە بە هەمان ووشەو ماناوە هەیەو بەکارهاتووە ٠

ئەگەر سەرنجێکیش بدەینە چۆنیەتی ژیانو گوزەرانی میللەتانی ئەوروپا بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی ، دەبینین ژێرخانی ژیانی ماددی ئەو میللەتانە هەروەك میللەتانی ژێر دەستی عوسمانلی لە سەر بناغەی کشتوکاڵو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانییەوە دامەزراوەو بەو پێیەش ئەدەبی فۆلکلۆرییان بووەتە ژوورخانێکی راستۆی ئەو جۆرە ژیانەیان ، بۆیە دەبینین لە کۆمەڵگای جیا جیا ، ئەدەبی فۆلکلۆریی وەیەکچوو ، وەیا لەیەکەوە نزیکیان لە ناودا خوڵقاوە ٠ بۆ نموونە : ئەگەر ئەم بەندە تورکییە وەربگرین کە ماناکەی بەم جۆرەیە : «من سوارو تۆ سوار ، کێ ئەسپەکانمان بۆ ئامادە بکات ؟ »(٤٦) وە سەیرێکی ئەو پەندە (صربی)(٤٧) یەش بکەین کە دەڵێ :ـ « من خانمو تۆ خانم ، کێ مانگاکانمان بۆ بدۆشێ ؟»(٤٨) ٠

دەبینین لە بنچینەدا هەردوو پەندەکە یەك رەگیان هەیەو زادەی قۆناغو سەردەمی کشتوکاڵو ئاژاڵ بەخێوکردنی ئەو دوو گەلەنە ، بەڵام بە جیاوازی ـ یەکی کەم ، لە تورکییەکەدا (سوار) واتا : ئەسپ سوارەو لە (صربی) یەکەشدا دەبێ بە ژنە جوتیارو مەسەلەی مانگا دۆشین ، دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەردەمێك (صربیا و هەموو وولاتی یۆگۆسلافیای ئێستا) لە ژێر دەستی تورکە عوسمانلییەکاندا ژیاون ، دوور نییە ئەم هۆیەش کارێکی تەواوی گردبێتە سەر پەرینەوەی ئەو پەندانە لە نێوانیاندا ٠

بەڵام کە ئەو پەندە دوور دەکەوێتەوە بۆ فەرەنساو ئیسپانیا دەبینین

---

(٤٦) احمد مرسی ـ دراسات في الفولکلور ـ أمثال الشعوب ـ القاهرة ص٠ ٣٤٠ ٠

(٤٧) صرب : دانیشتوانی وڵاتی صربیان کە ئێستا بەشێکە لە یۆگۆسلافیا ٠

(٤٨) أحمد مرسی ـ دراسات في الفولکلور ـ امثال الشعوب /القاهرة ص٠ ٢٣٠ ٠

ئەسپەو مانگاکە دەبن بە (بەراز) هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حەڵاڵی خواردنی گۆشتی بەراز لەناو میللەتانی ئەوروپاو بەخێوکردنی بەراز بە شێوەیێکی زۆرو ، ئەمەش دیسان دیاردەیەکی سەردەمی قۆناغی کشتوکاڵو ئاژاڵ بەخێوکردنەو پەندەکە لەلای ئەوان بەم جۆرە دەگوترێ :- (من خانمو تۆ خانم گێ بەرازەکانمان بۆ بەخێو بکات)و(٤٩) ، هەر ئەو پەندە کە دەچێتە ناو ئینکلیزەکان بە تەواوی ئەدگارو شێوەی سەردەمی کشتوکاڵو ئاژاڵ بەخێوکردنی بەسەرەوە نامێنێو بەم جۆرەی لێدی :-

" Iam proud and you are proud and who shall bear the ashes round." (٥٠)

کە ماناکەی بە کوردی بەم جۆرەی خوارەوەیە :-

(من رۆح گەورەو تۆ رۆح گەورە ، کێ خۆڵە مێشەکەمان بۆ فرێ بدات؟)

دوای ئەو گەشتەمان بە ناو پەندی میللەتاندا ، ئەگەر بگەڕێینەوە وولاتی نەتەوەی عەرەبی دراوسێمان دەبینین سوار یا خانم یا خود رۆحگەورەکە دەبێ بە (أمیر)و ئەسپو مانگاو بەرازو خۆڵەمیشەکەش دەبێ بە (کەر)و بەم جۆرە دەگوترێ :-

(أنا أمیر وأنت امیر ، من یسوق الحمیر ؟)(٥١) .

کاتێکیش کە دێینەوە باوەشی نەتەوەی کوردمان ، دەبینین رەگی هەمان پەند لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆریماندا هەیەو ، بەڵام لە جیاتی سوارو خانمو رۆحگەورەو میر دەبێ بە (ئاغا) ، ئاغاش رەنجخۆری سەردەمی کشتوکاڵو قۆناغی دەرەبەگایەتی بووە . پەندە کوردیەکەش بەم جۆرەی خوارەوەیە :-

---

(٤٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٣٤٠ .

(٥٠) مختارات من الامثال الانجليزية - ترجمة النشاشيبي - بيروت ص ٦٠ .

(٥١) د. ممدوح حقي - المثل المقارن - بيروت ١٩٧٣ ، ص١٠٩ .

(من ئاغاو تۆ ئاغا کێ جێمان بۆ راخا ؟)وه[٥٢] له دیالێکتی کرمانجی سەروو شماندا دەبێ به (ئەز چیا ، تو چیا ، کێ ژ گۆلکرا هەرت گیا ؟)[٥٣] .

وەك دەبینین شێوەی ئامۆژگاری و فێرکردنەبوەتە هۆی بڵاو بوونەوەی پەندی پێشینان به هەموو لایەکدا ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو جارێ پەند لە نەتەوەیەکەوە بپەڕێتەوە بۆ نەتەوەیەکی ترو بە پێچەوانەوە ، بەڵکو دەورو بەرو باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاووهەوایێکی وا دەخولقێنی پەندێکی وا دروست ببێ کە تەنانەت لە ناو یەك نەتەوەدا لە هەر ناوچەو هەرێمە جۆرە قاڵبێك و چەشنە رووخسارێك وەربگرێ و ناوەرۆکیش هەمان ناوەرۆکی پەندەکەی پێشوو بێ . هەروەك لەو دوو پەندە کوردیەدا بۆمان دەرکەوت ، لە هی یەکەمیاندا (ئاغا) قسە دەکات و لە هی دووەمیشیان (چیا) دێتە ئاخاوتن ، دیاریشە ئاغا لەگەڵ پەیدابوونی عوسمانلیەکاندا هاتۆتە ناوو ، چیاش یەگجار کۆنە لە پێش بوونی ئادەمیزادەوە ، هەربووەو هەر هەبە . کەواتە : پەندی دووەمیان کۆنترو بە تەمەنترەو ، زادەی بیرو بەهرەی زانای ئەو هەرێمە شاخاوییە بووەو ، لە دوایی دا کەوتۆتە سەر زمانی هەموو خەڵکەکەو بووە بە تامو خوێی قسەی رۆژانەیان .

لە لایێکی تریشەوە ئەگەر ئێمە ئاورێك لە پەندو قسەی نەستەقی ئەتەوەکانی ئاوروپا بدەینەوە دەبینین هەرچەندە لە یەکەوە نزیکن و هەموویان سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆئاوروپایین کەچی وەك سەرنج دەدەین پەندێك تا لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیێکی دیکە دەچێ یاخود باری ژیانی ئابووری وەیەکچوو دەێ خولقێنی ، گۆرانکاریەکی تەواو بەسەر فۆرمو داڕشتنو تەنانەت بابەتەکەشی دادێ .

---

(٥٢) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٤٢٤ .

(٥٣) مەلا مەحمودی دێرشەوی ـ مشتاخا چیا ژگوتنێن پێشیا بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل١ .

بۆ نموونە : ئەو پەندە ئینگلیزیەی کە دەڵێ :-

No smoke without Fire. (٥٤)

ماناکەشی بە زمانی کوردی بەم جۆرەیە : (ئاگر بێ دووکەڵ نابێ)(٥٥) . دەبینین هەمان ناوەرۆك لە ئیتالیەکاندا بە جۆرە روخسارو بابەتێکی تر دەردەبڕێو دەڵێ :

Non si grida al lupo che non. (٥٦)

کە لە زمانی کوردیدا ئەمە دەگەیەنێ : (مەدحی گورگ مەکە تاکو گوێت لە حەپەی سەگ نەبێ !) .

وە لە بەندێکی تری ئینکلیزەکاندا ئەمە هاتووەو دەڵێ :

Birds of one feather flock together. (٥٧)

مانای دەقاو دەقی لە کوردیدا ئەمە دەگرێتەوە (ئەو تەیرانەی هاوپەڕن هۆگری یەکتری دەبن) ، کە بە شێوەو قاڵبی پەند لە کوردیدا دەربڕێ بەم چەشنە دەگوترێ : (هەر طەیرەکی لەگەڵ ڕەفا خوە)(٥٨) . دەبینین کە ئەو پەندە یاخود بڵێین ناوەرۆکەکەی دەکەوێتە ناو فەرەنسەییەکانەوە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێ :-

---

(٥٤) شريف النشاشيبي ـ مختارات من الامثال الانجليزية ـ بيروت ل: ٧٨ .

(٥٥) عومەر شێخەڵا دەشتەکی ـ پەندی کوردی ـ بەغدا ١٩٨٠ ، ل ١١٦ .

(٥٦) الكزندر هكرتی‌كراب ـ علم الفولكلور ـ ترجمة رشدی صالح . ص٢٣٧ .

(٥٧) شريف النشاشيبي ـ مختارات من الامثال الانكليزية ـ بيروت ، ص ٢٧ .

(٥٨) مەلا مەحمودی دێرشەوی ـ مشتاخا چیا ژ گوتنێ پێشیا ، ل١٣٨ .

Pour ēpouser un singe il faut être guenon. (٥٩)

ماناکەی بە کوردی ئەمە دەگەیێنێو رووی ئاخاوتنـــەکە لە ئافرەتەو دەڵێ : (ئەگەر دەتەوێ شوو بە مەیموونێك بـکەی پێویســـتە خۆت ببیـــە مەیموون !) (٦٠) .

هەندێ جاریش دەبینین پەندی نەتەوە دراوسێکان بە ناوەرۆکو فۆرمەوە یەك شتن یان زۆر لە یەکەوە نزیکن وەکو ئەم پەندە ئینگلیزییەی دەڵێ :

(Not every time does the pitcher come home safe from the well . (٦١)

مانای دەقاو دەقی پەندەکە بە کوردی بەم جۆرەی خـــوارەوەیە : (هەموو جارێ گۆزە بە ساغی لە بیر ناگەڕێتەوە)(٦٢) . و ئەم پەندە کوردی – یەی بەرامبەرە : (جەڕەی ئاوێ لەڕێی ئاوێ دەشکێ)(٦٣) یاخـــود : «گۆزەی ئاو هەر لە ڕێگەی ئاو ئەشکێ» .

دەبینین لە فەرەنسەییدا گۆڕانێکی وای بە سەر دانایێو بەم جۆرەیە . Tant va la cruche â l'eau qu'a la fin elle. . (٦٤)

واتا : (هەرچەندە گۆزە بچێ بۆ ئاو ئەنجامەکەی هەر شکانە)(٦٥) .

---

(٥٩) الکزاندر هکرتی‌کراب – علم الفولکلور – ترجمة رشدی صـــالح ، ص٢٣٧ .

(٦٠) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٣٧ .

(٦١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٢٣٩ .

(٦٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٢٣٩ .

(٦٣) دەشتەکی – پەندی کوردی ب١ ، ١٩٧٢ ، ل : ٣٦ .

(٦٤) الکزندر هگرتی‌کراب – علم الفولکلور – ترجمة : رشـــدی صالح ، ص٢٣٩ .

(٦٥) هەمان سەرچاوە – ل: ٢٣٩ .

دەبینین لە ناوەرۆکو داڕشتندا ئەو پەندانە زۆر لە یەکەوە نزیکن‌و ئەگەر بکەوینە بەراوردکاری لە نێوانی پەندی پێشینانی میللەتان چاومان بە گەلێ نموونەی تری وەیەکچوو دەکەوێت .

پەندی بەراوردکاری
لە نێوانی ئینگلیزی و عارەبی و کوردی

لەوانەیە هەندێ لە رۆشنبیران ئەو پرسیارەیان بە مێشکدا بێت و بڵێن بۆ ئەو بەراوردکارییەت لە نێوانی پەندی کوردی و (أمثـــال)ی عارەبی و proverb ی ئینکلیزیدا کردووە ؟

بابڵێین گوردو عارەب لە رێگەی دراوسێتی و ئایینی ئیسلام و رۆشنبیری - یەکەیەوە ، بە سەدان پەندیان لە یەکتر وەرگرتووە و ســـامانی نەتەوایەتی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە . بەڵام بەرامبەر بە ئینکلیز چ بڵێین ؟ کـــە هەزاران میلمان لێ دوورن و ، چۆن و بە چ رێگایەك ئەو ئاڵۆ گۆڕیەیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە ؟!

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەو بۆ روون کردنەوەی هۆی ئەم کارەم ، چەند راستیەك دەخەمە بەر چاوی خوێندەواران بەڵکوو تا رادەیەك ڕایەکانم دەسەلمێنن ! .

١ - خۆم ئارەزوویکی زۆرم لە کۆکردنەوەو رێکخستنی بەشـــەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی ، بەتایبەتی لە ئەفسانەو پەندی پێشیناندا هەیەو ، لەسەر هەریەکێکیان نووسینو لێکۆڵینەوەم بڵاوکردۆتەوەو ، دەمەوێ قوولتر لەسەریان بنووسم .

٢ - خۆم تاقەتم بەسەر زمانی کـــوردیو عارەبیو لقو پۆپەکانیاندا دەشکێو تاڕادەیەکیش سەرم لە ماناو مەبەستی (proverb) ی ئینکلیزی - یەکاندا دەردەچێ .

٣ ـ له ناو میللەتانی دیکەدا ماوەیەکی دوورو درێژە کتێبو لێکۆلینە ـ وەیان لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆریو بەراوردکاری لقەکانی لەگەڵ ئەدەبی فۆلکلۆریی نەتەوەکانی تر کردووە ، ئێمەی کوردیش لەو لێکۆڵینەوەو جۆرە نووسینانە بێ بەشین و با لەمەو دوا کتێبخانەی کوردیش ئەو جۆرە کتێبانەی بکەوێتە ناو .

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەدەبی فۆلکلۆری ئینگلیزی ، بـە تایبەتی بەندی پێشینانیان و چاوێکیش بخشێنینەوە بە بەندی کوردیماندا ، دەبینین لەگەڵ ئەو لێک دووریەشماندا بە دەیان proverb ی ئینگلیزیو بەندی پێشینانی کوردیمان لە یەک نزیك دەبنەوەو هەندێ جاریش چ لە بارەی وشەو چ لە بارەی ماناوە دەبنەوە یەک ، وەك ئەم proverb ەی کە دەڵێ :ـ

1. A black hen, lays a white egg . (٦٦)

١ ـ « مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکات» (٦٧) .

ئەمەش بە یەکێکی خراپ دەگوترێ کە ئیشێکی باش بکات ، یان بە پیاوێکی خراپ دەگوترێ ، کوڕێکی باشی لێ بووبێ .

یا خود ئەو پرۆفێرەی کە دەڵێ :ـ

2. Do good and cast it into the sea. . (٦٨)

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشدا ئەم بەندەی پڕ بە پێستە .

٢ ـ (چاکە بکەو بیدە بە دەم ئاوا) (٦٩) .

---

(٦٦) د. ممدوح حقي ـ المثل المقارن ـ بیروت ١٩٧٣ ، ل : ٧١ .

(٦٧) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٤٢١ .

(٦٨) د. ممدوح حقي ـ المثل المقارن ـ بیروت ١٩٧٣ ، ل : ٧١ .

(٦٩) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ١٧١ .

وەیاخود ئەو پرۆڤێربەی کە دەڵێ :ـ

3. Walls have ears. . (٧٠)

دەبینین لە پەندی کوردیدا ئەمەی خوارەوەی بەرامبەرە .

٣ ـ « دیوار گوێی هەیە»(٧١) .

دەبێ هۆی ئەو بەیەکچوونەی پەندی کوردیو پرۆڤێربی ئینکلیزی چی بێ ؟! لەم بارەیەوە جگە لەو هۆیانەی لەمەوبەر باسمان کردن ، هەندێ تیۆڕیو بیرو ڕای زانایانی جیهان لە بارەی وەیەکچوونو نزیك بوونەوەی ئەدەبی فولکلۆری کەلان بە تایبەتی پەندی پێشینانو ئەفسانە هەیە ، لەوانە زاناو لێکۆڵەرەوە ئەلەمانەکانی وەکوو بوپ Bopp وشلێچەر scheicher هۆی ئەو بەیەکچوونو لێك نزیك بوونەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ بوونی جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانی گەلانی ئەوروپاو هەندێ لە گەلانی کیشوەری ئاسیا لە سەر بنچینەی شیکردنەوەو بەراورد کاریی دیاردە زمانەوانیەکانی ئـــەو گەلانە لە بواری فۆنەتیك Phonetic (٧٢) و مورفۆلۆژی Morfology (٧٣) و لێکسیکۆلۆژی(٧٤) Lexikology (٧٥) وەك ئەنجامێکی دابەش بوونی ئەو گەلانە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا کە لەکاتی خۆییدا پەیوەندییان بە یەکەوە بووەو چوونەتەوە سەر بنچینەیێکی هاوبەش ، ئەو ڕایەش تا ئێستا بە گەڵێ کتێبو سەرچاوەی مێژووی زمانە نەوەیی‌یەکانی سەر بە کۆمەڵەی

---

(٧٠) د. ممدوح حقي ـ المثل المقارن ـ ل : ١٤٥ .

(٧١) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ٢٤٧ .

(٧٢) فۆنەتیك : زانستی دەنگ .

(٧٣) مۆرفۆلۆژی : زانستی (الصرف) .

(٧٤) زانستی وشەی فەرهەنگی .

(٧٥) یوری سوکولوف ـ الفولکلور قضایاهوتأریخه ـ ترجمة حلمی شعراوی وعبدالحمید حواس ـ القاهرة ١٩٧١ ، ل٦٦ .

هیندو ئەوروپایی Indo — European پێست ئەستوورە[٧٦] .

لەبەر ئەوەی زمانی کوردیو زمانی ئینگلیزی هەردووکیان سەر بە کۆمەڵە زمانەکانی هیندو ئاوروپایین ، دوور نییە هەندێ دیاردەی زمانەوانیو بەپەکجوونی ئەدەبی فۆلکلۆریان لەو راستیەوە سەری هەڵدابێ .

ئەو دیارە گشتیانەی لە سەردەمێکی کۆنەوە لەبەرچاوی خەڵکو پشتی هەرە کۆنی هەردوو نەتەوەکە بوون وایان کردبێ پەندی وەکوو یەکیان لەلادا پەیدا ببێ وەکوو ئەو چەند نموونەیەی لەسەوبەر هێناماننەوە ، کە بە زۆری لە بارەی رەشو سپیو چاکەو خراپەوە دەدوێن ، ئەم دیاردانەش ئەوەندە کۆنن لەگەڵ بوونی ئادەمیزادەوە سەریان هەڵداوەو بوون بە پێوانەی کردەوەی ئینسان .

ئێمە کە ئەم بەراوردیەیە لە نێوانی پەندەکانی ئینگلیزیو عارەبیو کوردیدا دەکەین ، ئامانەوێ پەندەکان وەرگێڕان بن لە زمانەکەی بەرامبەریان بەڵکو بە جۆرێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگای ئەو نەتەوەیەدا هەیێو لەگەڵ باری ژیانو دەورو بەریدا بگونجێو لە ئاخاوتنی رۆژانەیاندا بە سەر زمـــانی خەڵکەکەدا بێ .

ئێمە لەو قەناعەتەینکە ئەوانەی پەندی پێشینانی کوردییان کۆکردۆ ـ تەوەو شارەزاییان لە چەند زمانێکی تردا هەیە ، هەندێ پەندی ئەو زمانانەیان وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردیو بە پەندیی کوردییان پێ فرۆشتبین ، وەکو ئەم پەندەی خوارەوە کە لەو باوەڕەدام کـــوردی نەبێو لە ئینکلیزیەوە کرابێت بە عارەبی ، ئینجا بە کوردی کە دەڵێ :ـ

Better be alone than in a bad company. [٧٧]

---

(٧٦) هەمان سەرچاوە ، ل : ٦٦ .

(٧٧) د. ممدوح حقی ـ المثل المقارن ـ بیروت ١٩٧٣ ص٨٢ .

لە عارەبی‌دا ئەمەی بەرامبەر دانراوە : (الوحدة خيرٌ من جليس السوء)[٧٨] و لە کوردیشدا بەم جۆرە وەرگێڕدراوە : (تەنیایی لە ناوەڵی خراپ باشترە)[٧٩] .

خوێندەواری بەڕێز ... بۆ ئەوەی بە ئاسانی سوود لە بەراورد - کاری‌یەکەم وەربگری ، وا بە باش‌دەزانم بە شێوەی فەرهەنگۆکێك پێشکەشی بکەم و ، بەپێی پیتی ئینکلیزی یەکەمجار proverb ی ئینکلیزی‌یەکەت بەرچاو بکەوێت ، ئینجا عارەبی‌یەکەو لە دوایشدا پەندو قسەنەستەقە کوردی‌یەکان بخوێنیتەوە . بۆیەش قسەی نەستەق (الحکمة)مان خستەوە سەر ، چونکە لەزمانەکانی ئینکلیزی‌و عارەبیشدا هەردووکیان بەیەکەوە بەکارهاتوون‌و مانایان بۆ جودا نەکراوەتەوە .

---

(٧٨) هەمان سەرچاوە ، ل : ٨٢ .

(٧٩) خاڵ - پەندی پێشینان - چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ١٦٢ .

فەرهەنگی پەندی بەراوردکاری

لەنێوانی ئینگلیزی وعارەبی وکوردی

« A »

1. A bad day never has a good night. (١)

— It is never a bad day that has a good night.(★)

★ لن يعقبَ النهار الاسود ليلة بيضاء (٢) .

★ ليس لليوم السيء ليلةٌ حسنة(٣) .

★ لا يثمرُ الشوكُ العنبَ(٤) .

★ لا تجني منَ الشوكِ العنبَ★

★ رۆژێکی خراپ شەوێکی باشی بەدوا دانایێ .

★ دڕك تریٚ ناگریٚ(٥) .

2. **A bad thing never dies.** (٦)

★ الشيءُ السيءُ لا يموت(٧).

★ السيئة لا تموت(٨) .

★ (خراپە نامرێ) یا خود (ئیشی خراپە ناچێ) .

---

(١) المثل المقارن ، ص٧٠ .

★ The Oxford Dictionary English Proverbs. (p. 25)

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٠ .

(٣) مختارات من الامثال الانجليزية : ص١١ .

(٤) المثل المقارن ـ ص٧٠ . ★ الميداني ـ مجمع الامثال ، ص٤٤ .

(٥) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٢١٢ .

(٦) المثل المقارن ـ ص٧٠ .

(٧) مختارات ، ص١١ .

(٨) المثل المقارن ، ص٧٠ .

زۆر جاریش دەگوترێ : ئەو ناوبانگە خراپەیەم لێبووە بە

★ «قیری کەوای سپی»[٩] و لێم نابێتەوە . یاخود دەگوترێ

★ « پینەی شینە بە دەر قنگیەوە »[١٠] .

پیرەمێردی نەمر لە بەرگی دووەمی پەندەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێ

★ قسەی چاك زەحمەت ئەگاتە جێی خۆی

واتەی بەد زۆر کەس پۆستەچیە بۆی[١١]

3. A bird in the hand is worth two in the bush. [١٢]

★ عصفور في اليد خيرٌ من اثنين على الشجرة[١٣] .

★ بيضة اليوم ولا دجاجة الغد [١٤].

× چۆلەکەیێکی ناو دەست لە دوو چۆلەکەی سەر درەخت باشترە .

★ (چۆلەکەیەکی ناو دەست لە دە چۆلەکەی سەر درەخت باشترە)[١٥] .

★« چویچکەك د دەستیدا چێترە ژ دووا لسەر داریّ»[١٦] .

4. A black hen, lays a white egg. [١٧]

---

(٩) خاڵ ، پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ٣١٩ .

(١٠) هەمان سەرچاوە ، ل : ١٤٤ .

(١١) کاکەی فەللاح ـ لەپەندەکانی پیرەمێرد ـ ب٢ ، بەغدا ١٩٦٩ ، ل : ٢٠ .

(١٢) المثل المقارن : ص٧٠ .

(١٣) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٠ .

(١٤) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٠ .

(١٥) خاڵ ـ پەندی پێشینان چ٢ ، ل : ١٧٦ .

(١٦) ئەدەبی بێگانان ـ ب٢ ، پەندی ئینکلیزی ، ل ٨٧ . رەشید عەبدوللا مستەفا .

(١٧) المثل المقارن : ص٧١ .

★ الدجاجةُ السوداء تضعُ البيضة البيضاء [١٨] .

★ (مریشکی رەش هێلکەی سپی لەکا) [١٩] .

ئەمە بە یەکێك دەگوترێ کە خۆی خراپ بێ و ئیشێکی باش بکات یاخود بە پیاوێکی خراپ دەگوترێ ، منداڵێکی باشی لێ بووبێ .

★ پیرەمێردی شاعیر لە پەندێکیدا دەڵێ :

نادر هـەڵکەوتووە بە پەگـەز نییە

مریشکیش پەشەو هێلـکەی سپییە [٢٠]

5. A blind man will not thank you for a mirror. [٢١]

★ لَنْ یَشکرَ الأعمی علی مرآة تُهدیهِ إیاها [٢٢] .

★ (نە بۆ کوێر هەڵپەڕە ، نە بۆ کەڕ گۆرانی بڵێ) [٢٣].

چونکە : کوێر نات بینێ و کەڕیش گوێی لێت نابێ .

6. A candle lights others and consumes itself [٢٤]

★ تذیبُ الشمعة نفسها لتضیء لسواها [٢٥] .

---

(١٨) مختارات : ص١١ .

(١٩) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ٤٢١ .

(٢٠) کاکەی فەللاح ، لە پەندەکانی پیرەمێرد ، ب١ ، ل : ١٥٠ .

(٢١) المثل المقارن : ص٧١ .

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧١ .

(٢٣) خاڵ ، پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ٤٤٩ .

(٢٤) المثل المقارن ، ص٧١ .

(٢٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٧١ .

★ رُبَّ اخٍ لكَ لمْ تَلِدهُ أمّك[٢٦] .

★ «مۆم خۆی دەتوێنێتەوە تا دەوروپشتی خۆی رووناك بكاتەوە» .

★ (وەك مۆم شەوقی بۆ ژێر خۆی نییە)[٢٧] .

★ « چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نییە »[٢٨] .

واتا : گەورە دەبێ وەك چرا رووناكی بۆ دەورو بەری خۆی بێ وەك پیرەمێرد لە پەندەكانیدا دەڵێ :ـ

★ گەورە نەوەیە شێوەی شەمعی بێ
بۆ خۆی بسووتێو نەفعی جەمعی بێ[٢٩]

7. A courgeous foe is better than a cawardly friend.[٣٠]

★ عدو شجاع خيرٌ من صديقٍ جبان[٣١] .

★ عدو عاقل خيرٌ من صَديقٍ جاهل[٣٢] .

★ « دوژمنیكی ئازا لە دوستیكی ترسنوك جاكترە » یا خود

---

(٢٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٧١ .

(٢٧) د. عیزەدین مستەفا رەسول ـ لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ل : ١١٢ چ٢ .

(٢٨) خالّ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ١٧٤ .

(٢٩) كاكەی فەللاح ـ لە پەندەكانی پیرەمێرد ـ ب١ .

(٣٠) شريف النشاشيبى ـ مختارات من الامثال الانجليزية ـ ص١٢ .

(٣١) هەمان سەرچاوە ، ل : ١٢ .

(٣٢) المثل المقارن : ص٧٢ .

★ «دوژمنایەتی زانا لە دۆستایەتی نەزان خۆشترە»[٣٣] .

8. A crooked stick will have crooked shadow. [٣٤]

★ If the staff be crooked, the shadow cannot be straight★

★ لن يكون للعصا المعوجة الّا ظِلٌ اعوج[٣٥] .

★ فهل يستقيمُ الظل والعودُ اعوجٌ ؟[٣٦] .

★ « دار كه لار بوو سێبەریشی لارە»[٣٧] .

9. A donkey asked to wedding either to carry water or bring wood. [٣٨]

★ اذا دُعي الحمار الى عرس ، فلنقل الماء او حمل الحطب[٣٩] .

★ دعي الحمار الى مدار اما للطحن او حمل الاحجار[٤٠] .

★ نەگەر كەر بۆ سەر ناهەنگو شایی بانگ كرا ئەوە یان بۆ ئاو كێشانە یان بۆ دار هێنانە .

---

(٣٣) خالّ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ، ل : ٢٢١ .

★ The Oxford — Dictionary of English proverbs (P. 769)

(٣٤) المثل المقارن ـ ص ٧٢ .

(٣٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٢ .

(٣٦) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٢ .

(٣٧) خالّ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ،

(٣٨) المثل المقارن ، ص٧٣ .

(٣٩) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ .

(٤٠) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ .

لە پەندی کوردیدا بەرامبەر بەم پەندەمان بۆ نە دۆزرایەوە بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی (نامەی قانیع) ئەو پەندەم لە شیعرێکیدا چاو پێ کەوت کە بەم جۆرەی بەکارهێناوە ٠

جارێك كەڕێكیان بانگ كرد بۆ شایی
قاقا پێكەنی كەر بە ئازایی ٠

وتی : من بۆیە وا پێ ئەكەنم
نە دەهۆڵ كوتم ، نە شمشال ژەنم

« ئەزانم بۆچی من بانگ كراوم
حەمالێ دارو بەرمیلە ئاوم »(٤١)

10. Adversity tries friends. (٤٢)

★ عند الشدائد تُعرف الاخوان(٤٣) ٠

★ دۆست ئەوەیە لە تەنگانەدا بە هانات بێ ٠

★ (دۆستو دوژمن لە تەنگانەدا بە دەردەكەون)(٤٤) ٠

پیرەمێردی شاعیر لە پەندەكانیدا دەڵێ :ـ

★ دۆستی سەر سفرە لای چەپا سفرە
لە تەنگانەدا بە دۆستی مەگرە(٤٥)

---

(٤١) نامەی قانیع ـ بەغدا ١٩٧٤ ، ل : ٤١ ٠

(٤٢) المثل المقارن : ص٧٣ ٠

(٤٣) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ ٠

(٤٤) دەشتەكی ـ پەندی كوردی ـ ب١ ، ل٤٩ ٠

(٤٥) كاكەی فەللاح ـ لە پەندەكانی پیرەمێرد ، ب٢ ، ل : ١٠٣ ٠

11. A fair face may hide a foul heart. (٤٦)

★ رُبَ نفسٍ شريرةٍ ورا ءَوَجهٍ صَبوح(٤٧) .

★ « بەرگی مەڕەو داتی گورك»(٤٨) .

12. A fault Confessed is half redressed. (٤٩)

★ الاعتراف بالخطأ نصف التوبة(٥٠) .

★ الاعترافُ بالخطأ فضيلةٌ (٥١) .

★ پێ لە هەڵەنان نیوەی تۆبە کردنە .

★ (هەزار گوناحو یەك تۆبە) (٥٢)

★ (لەپاش هەزار گوناحان یەك تۆبە) (٥٣) .

13. A favour ill-placed is great waste. (٥٤)

★ المعروف في غير أهله خسارة كبيرة (٥٥) .

---

(٤٦) المثل المقارن : ص٧٣ .

(٤٧) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ .

(٤٨) خاڵ ـ پەندی پێشینان ـ چ٢ ـ ل : ١١٢ .

(٤٩) المثل المقارن : ص٧٣ .

(٥٠) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ .

(٥١) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٣ .

(٥٢) خاڵ ـ پەندی پێشینان ، چ٢ ، ل٤٩١ .

(٥٣) دەشتەکی ـ پەندی کوردی ـ ب١ ، ل٧٣ .

(٥٤) شريف النشاشيبى ـ مختارات ، ص١٤ .

(٥٥) هەمان سەرچاوە ، ل١٤ .

★ ومَن يصنع المعروف في غير اهله يكن حمده ذماً عليه ويندمِ[٥٦]

★ چاکه لەگەڵ ناکەس بەچە مەکە .

★ (چاکه لەگەڵ ناکەس بەچەدا پەشیمانی لە دوایە)[٥٧] .

★ (بیانی بدێ گوشتی پرانی دێ ل سەر تە دابێت پە شیمانی)[٥٨] .

پیرەمێردی شاعیر لە پەندەکانیدا دەڵێ :-

★ دەر بارەی ناکەس پیاوەتی مەکە
بە کۆڵ نیبەیتە کەعبە لەك لەکە[٥٩]

14. A fool throws a stone into the well; and a thousand wise man cannot take it out. [٦٠]

★ A fool may throw a stone into a well, which a hundred wise men cannot pull out.★

